# باڤاريا

<u>به یادی رۆژانی زوو پێشکەشە بە تۆ</u>



ـ ئێوارانێك
سورایی خۆرئاوابوون دەگەڵ
پانتایی خوێنینی ئەم دەڤەرە خەریکی
تێکەڵبوون بوون
تۆش لە ئاسك سرتروو
لە ئەسپ چەمووشتر
مەنگی ئەم کاڤارەت دەشڵەقاند
ژنان ئەسپ ئاسا
تاویان دەداو
پەپولەش گەلێ لە جاران جوانتر سەمای دەکرد
رێبواران تولە رێیان دەگۆڕی و
منیش هەر غەریب
باڤاریا
رێبواران خورتترو ژنان جوانترو
ئاسمان روونتر خۆیان دەنواند
ئەوان دەمان هێشتان
ژنان باران گۆنای تەڕ نەکردبوون
پەپولە ئاسان سەمای مەرگیان
دەگەڵ پەریان وسوورایی  خۆرئاوابوون دەکرد
گەرەکمبوو ئۆغر بۆ لای
گوڵەکانی چیاو
بۆ لای گوڵلەکانی سنووررو
بۆ لای گوڵەکانی مەست بوون
بۆ لای شوێنە نادیارەکان
بکەم. باڤاریا
نازانم بەچیت بشووبهێنم
بە بەفر.. بە ئاو
یا بەگیا
یان بەخوناوی سەر گوڵەگەنم



تۆی ئاسك لە سروشت
جوانتر و
لە باران تەرتر و
لە بەفر سپی تر
ئەی لەزەمەن غەدارتر
هەست بەهیلاکی
ئەژنۆو
جەستە باران نەدیوەکەت دەکەم
بە نوسکە بە "تەم" بڵێ
"با" نهێنیەکانی ئەوێ رۆژێ وەشێرێ
تا لە نائاگایی بتوێمەوە
باڤاریا
ئا ئەمێستا باوەشێك لە خۆشەویستی
کۆشێك لە عیشق و تیشکی لە مانگەشەویش
لەباوەشان بەندکەم
ژنان بە چاوتروکاندنێك
ئازارەکانی سەردەمی شمشێریان لادەداو
جوانی سەردەمی هەرزەییان
بە"با" دەسپارد
باڤاریا
ئا ئەمێستا هەست بەئازاری
سەردەمی شمشێر دەکەم و
هەتا دێ "تەم"یش
نهێنیەکانی پتر دادەپۆشێ
تەنها دڵۆپە بارانی ئەمشەو نەبێ (نا)
باڤاریا..

2000/1/25